# هموو ئومتم دن بهشتو ج لو س سر بات ونوت

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە جگە لەو کەسەی سەرپێچی بکات ونەیەوێت». ووتیان: کێ هەیە سەرپێچی بکات ونەیەوێت؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەوەی گوێڕایەڵی من بکات دەچێتە بەهەشتەوە، ئەوەی «پێچەوانەی فەرمانەکانی من کردەوە بکات؛ ئەوا سەرپێچی کردووە ونایەوێت بچێتە بەهەشتەوە.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەموو ئومەتەکەی دەچێتە بەهەشتەوە مەگەر ئەوانەی نەیانەوێت ! هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتیان: ئایا کێ نایەوێت ئەی پێغەمبەری خودا ؟! وەڵامی دانەوە -صلی الله علیه وسلم-: هەرکەسێک شوێنکەوتوو وگوێڕایەڵی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی سەرپێچی بکات وملکەچی شەریعەت نەبێت ئەوا نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە بەهۆی کردەوە خراپەکانی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4947